ئەنجومەنی فەتوای هەرەم : فرۆشتنی زێڕ بە قەرز دەچێتە چوارچێوەی ریبا و حەرامە

ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرەم دەڵێت، فرۆشتنی زێڕ بە قەرز دەچێتە چوارچێوەی ریبا و حەرامە چونکە فرۆشتنی زێڕو زیو بە پارە پێویستە دەست بە دەست بێت، لێو کاتەدا هەردوولا لە یەکتری وەربگرن.

ئەمە شەممە ١٤ـی شوباتی ٢٠٢٦، لە نوێترین فەتوای ئەنجوومەنی باڵای فەتوای هەرەمدا هاتووە، چەند پرسیارێکی هاوڵاتییانمان ئاراستە کراوە لەبارەی مامەڵەی زێڕ، بە ئێو مەبەستە روونکردنەوەی بەیاری شەرع و دەرچوونی فەتوای فەرمی لەبارەیانەوە درا.

ئەنجوومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا فەتوای دا و دەڵێت، فرۆشتنی زێڕ بە قەرز بە دیناری عەراقی دروست نییە،ە چونکە دەچێتە خانەی (ربا الید) چونکە کەین و فرۆشتنی زێڕ و زیو بە پارە پێویستە دەست بە دەست بێت، لێو کاتەدا هەردوولا لە یەکتری وەربگرن بە پێچەوانەوە پێی دەوترێت (ربا الید).

ئاماژە بەوەشکراوە، دەرچەی شەرعی بە ئێو کەسانەی پێویستیان بە کەینی زێڕ هەیە و پارەی پێویستیان لە بەردەست نییە، ئەوەیە کە دینارەکە لە زەنگرەکە بە قەرز وەربگرن و قەرزی بکەن، پاشان بەو پارەیە زەنگەکە بکەن، یان زەنگەکە خۆی بە مسقاڵ قەرز بکەن و پاشان کەی ویستیان بیدەنەوە بە هەمان

ئەندازە زۆر بە زەنگرەکە بهێننەوە.

روونیشیان کردووەتەوە، فرەشتنی زۆر بە قەرز بە دیناری عەراقی یان هەر دراوێکی تر دروست نییە، جا کێیفی خێیەتی بە زیاتر بێت لە نرخی بازاڕ یان وەك نرخی ئاسایی بێت، چونکە دەچێتە خانەی (ربا الید) وە.

ئەو ئەنجوومەنە باس لەوەش دەکات، لەبەرئەوەی زۆر لە شەریعەتدا هەر بە دراو حیسابە و لە دراوێتی ناکەوێت، دروستە بە قەرزی زۆر بیبات، واتە کەی کاتی دانەوەی هات ئەندازەی چەندی بە قەرز وەرگرتبێت، ئەو ئەندازەیە بگەڕێنێتەوە، هەروەها دروستیشە بگەڕێت بە دراوێکی تر بە دوو مەرج:

١- پێویستە زۆرکە بە نرخی رۆژ بخەمەندرێت .

٢- پێویستە هەموو قەرزەکە ساف بکرێت، واتە کە لە یەکتر جیا بوونەوە، هیچ قەرز لە نێوان مامەڵەکارەکاندا نەمێنێت.